www.kurdistannet.org
8-4-2003 1:28

# ئەگەر ئەمریکا سەیرتان بکات قێزی ئەبێتەوە

**گۆران سامان**

لەم ڕۆژانەی دووایيدا کاتێك لە گەرمەی شەڕی ئەمریکا و بەریتانیان دژ بە عێراقداین و وا دیارە شەڕەکە لەم ڕۆژانەی دووایيدا گوڕتر بووە و ئێستا کەم کەس لە سەر شەڕ بەڵکو زۆربەی زۆری لایەنە بە هێز و بێ هێزوو ناوەندیەکان لەسەر ئاکامی شەڕو دوای شەڕ گفتوگۆیانە. بە بێ ئەوەی بچینە ناو بابەتی جیاواز لەوەی مەبەستمە هەروەها بەبێ ئەوەی شەڕەکە لێك بدەمەوە من لەو نوسینە بچکۆلەیەدا بە تەنیا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێك بکەم ئەویش سیاسەتی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستانە.

هەروەکو خۆمان ئەزانین ئەو دوو حیزبە واتە (ی ن ك – پ دك) ماوەیەکی دور و درێژە لە جیاتی ئەوەی لەمەڕ داهاتوی چارەنوسی کورد نیگەران بن زیاتر بە دوای پاراستنی بنکەو قەوارەکانیان دا وێڵن ئەمە گەلێك جار لە گوتاری سیاسی، هەڵوێست و کرداری ئەواندا بەدی دەکرێت. هەر بۆ ئەوەش بوو ئەو دوو پارتە نەیانتوانی هێڵێکی نەتەوەیی سەربەخۆ پیادە بکەن و لەسەر بنەمای مسۆگەر کردنی چارەنوسی گەل و نەتەوەی کورد مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانە بکەن کە دەیانەوێت گۆڕانکاری ساز بکەن، وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە تا ئێستا شتێکی ڕوون و ئاشکرای لەسەر کورد بەگشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی نەووتوە، بە ئاشکرا دیارە دەیەوێت کورد بۆخۆی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەش کارتی تورك دژ بە کورد و کارتی دەوڵەتێکی کوردی لە باشور دژ بە تورك بە ئاسانی بەکار دەهێنێت، لە ئاکامیشدا بە دی دەکرێك کە ئەمریکا نەبۆ کورد و نەبۆ تورك شتێك نەکات بەڵکو هەستی نەتەوەپەرستی تەسك و بەرژەوەندی چینە سەردەستەکانی تورك کورد بۆ بەرژەوەندی ڕۆژانەی خۆی بەکاردەهێنێت بە تەنیا. ئەمەش لە لایەك لایەکەی دیکەی هەرە گرنگ ئەوەیە ئێمە ئەزانین کە ئەو پارتانە واتە (ی ن ك – پ د ك) هیچ ئیرادەیەکیان لە دەست خۆیاندا نەهێشتۆتەوە و بەتەواوی خۆیان خستۆتە باوەشی دەرەوە بەڵام پێم وایە ئەگەر ئێستا ئەمریکایی و بەریتانیەکان بەباشی سەیری تەلەفزیۆنەکانی KURD-Sat و KURDISTAN-Tv بکەن و بەباشی بۆیان تەرجومە بکرێتەوە کە چۆن پەسنی ئەمریکا و سەربازانی ئەدەن قێزیان لێ ئەبێتەوە. بێ گومان مرۆڤ ئەتوانێت بە لێدانی سەدام و لە ناوبردنی کەیف خۆش بێ بەڵام ئەوەی گرنگ ئەوەیە مرۆڤ یان حیزبێکی سیاسی بتوانێ خۆی سوك نەکات و گرانایی و نرخی خۆی بپارێزێ، کەچی ئێمە کاتێ تەماشای هەردوو تەلەفزیۆنی هەردوو حیزبی یەك ئەقل و یەك لۆژیك ئەکەین، تادێت زیاتر بێ هێزی و بێ ئیرادەیی خۆیان نیشان دەدەن. دروشمی ئازادکردنی گەلانی عێراق و پرۆسەی ڕزگار کردنی گەلانی عێراق کە هەردوو تەلەفزیۆنەکە بەرزیان کردۆتەوە نیشانەی ئەوەیە بە ئاشکرا کە ئەوانە دیموکراسی- ئازادی- لە خۆیان و گەلدا نابیننەوە بەڵکو لە ئەمریکا دەبیننەوە. پێش هەموو شتێك ئازادی، دیموکراسی، ڕزگاری چەمکێکە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە جموجۆڵی جەماوەر و ئیرادەی گەلەوە هەیە کەچی ئێمە دەزانین کە چەند گەلانی عێراق دوژمنی سەدام ڕژێمەکەشی بن بە ئیرادەی خۆیان ئەو گۆڕانە ئەنجام نادەن هەرچەندە لەلای منەوە گۆڕان چۆن دەبێت با ببێت پۆزەتیفە بەڵام گۆڕانێك ئەگەر گەل بەخۆی ئەنجامی نەدات لە کۆتاییدا ئازادی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، بەڵکو ڕێگا لەبەردەم لاچونی دکتاتۆرێك ئاوەڵا دەکات. دوەمینیان نابێ تەلەفزیۆنی کوردی ئاوا گەلانی عێراق ئەگەر عەرەبیش بن بە سوکی نیشان بدات و لەبەرچاوی جیهان ڕەزیلیان بکات، بۆ نمونە سەیری تەلەفزیۆنەکانیان دەکەین هەر ڕۆژ نیشانی دەدات کە چۆن خەڵکی عێراق و سەربازان یاری فتبۆڵ دەکەین یان خەڵك چۆن سڵاو لەسەربازانی ئینگلتەڕا دەکات، یانیش لە ڕۆژنامەی ی ن ك کەبەکوردستانی نوێ ناسراوە دەرئەکەوێت کە چۆن خێزانی ئەنفالکراوان چەپکە گوڵ دەدەنە سەربازانی ئەمریکا و ئینگلتەرا ئایا ئێمەی کورد نازانین ئەو چەکەی سەدام ئەنفالی پێ ئەنجامدا لە کوێ هاتوە ئایا ئەو چەکە کیمیاییەی کە هەڵەبجەی پێ شەهید کرا هەر لەوێ نەهاتوە، کەواتە ئەمە بۆچی؟؟؟؟

لەکۆتاییدا ئەڵێم چیتر لەسەر ناوی خۆتان سوکایەتی بەگەل و جەماوەر نەکەن ئەگەر ئەمریکاش سەیرتان بکات قێزی لە هەڵوێستەکانتان ئەبێتەوە. . . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣